بانکی پرسیارەکان، دەرونزانی ژینگەیی بەشی ڕێنمایی

## یەکەم/ پرسیاری هەڵبژاردن:

**1-ڕێنمایی کاری دەرونی لەکاتی ڕێنماییکردندا بەتایبەتی لەکاتی فریاگوزاری سەرەتایی دەرونی و هەندێ دۆخی تایبەتدا دەچنە مەودای:**
أ-(مەودای گیانی بەگیانی) ب-(مەودای کەسی) ج-(مەودای کۆمەڵایەتی) د-(مەودای گشتی)

**2-مەبەست لە بکوژە بێدەنگەکە کام لەمانەی خوارەوەیە؟**
ا-(فایرۆسی سارس) ب-(فایرۆسی کۆڤید-19) ج-(پیسبونی ئاو) د-(پیسبونی هەوا)

**3-ڕوداوی پیسبونی هەوای........... بووە یەکەمین بەڵگەی زانستی لەسەرئەوەی کە پیسبونی هەوا دەبێتە هۆی نەخۆشی و مردن و لەناوچون.**
أ-(دۆڵی مۆس) ب-(لەندەن) ج-(نیودلهی) د-(چین)
**4-پیس بون بە ژاوە ژاو دیاردەیەکە تایبەتە بەقۆناغی:**
أ-(دێرین) ب-(نوێ) ج-(شارنشینی) د-(هەرسێکیان)

5-گرنگیدان بە پاك و خاوێنی ژینگەی پۆلەکان ئەرکێکی پیرۆزو گرنگی:
(أ) زانکۆیە (ب)مامۆستایە (ج) قوتابیە (د) هەموانە
6-پاراستنی ژیانی گیانداران بۆهەمەجۆری بایۆلۆجی و ڕوبەری سەوازیی نێوشار و شەقام و ماڵەکان و پاراستن و جوانکردنی ژینگە ئەرکی:
(أ)حکومەتە (ب) تاکە (ج) ڕێکخراوەکانە (د) هەموانە
7-ئەو زانایەی دەرونزانی لەفەلسەفە جیاکردەوە:
(أ)فرۆید (ب) ولیەم جیمس (ج) تالیس (د) ولیەم فۆنت
8-دەرونزانی ژینگەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکێك لەم تیۆرانە چرۆیکرد:
(أ)هەوڵدان و هەڵەکردن (ب) ڤیگۆتسکی (ج) فێربونی کۆمەڵایەتی (د) جەشتاڵتی
9- بەشێوەیەکی گشتی........................ بەباوکی دەرونزانی ژینگەیی دادەنرێن.
(أ)فرۆید و ئەدلەر (ب) ولیەم جیمس ولیم فۆنت (ج) برونسویك و لیوین (د) تۆلمان و هیڵپاك
10-..........واتە زانستی زانینی کاری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ:
(ا) سایکۆلۆجی (ب) فسیۆلۆجی (ج) بایۆلۆجی (د) نیورۆلۆجی

11- ئەو زانایەی کە بەوردی باسی گرنگی ژینگەی خێزانی و بەخشینی سۆزوخۆشەویستی بەمنداڵ کردووە:

(أ) گۆستاف لۆبۆن (ب) فریدریك جیمسون (ج) ئالان تورین (د) بروس پێری

12-سیستەمی............ لە تیۆری برۆنفینبرینەر بریتییە لەکۆمەڵێك پەیوەندی ئاڵۆزلەنێوان تاك و ژینگەی دەوروبەری ڕاستەوخۆو نزیکی منداڵەکە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە خودی منداڵەکە ڕاستەوخۆ کارلێکیان لەگەڵ دەکات،(وەك خێزان، قوتابخانە، شوێنیکارکردن...تاد)

(أ) بچوک(Microsystem) (ب) مامناوەند (Mesosystem)

(ج) دەرەکی (Exosystem) (د) گەورە (Macrosystem)

13- بەشێوەیەکی گشتی........... و............... بەباوکی دەرونزانی ژینگەیی دادەنرێن.

(أ)فرۆید ئەدلەر (ب) ولیەم جیمس ولیم فۆنت (ج) برونسویك و لیڤین (د) تۆڵمان و هیلپاك

14- لەبواری درککردندا گرنگە ئەوزانیاریانە کە وەری دەگرین لە گەڵ ............... ببسترێتەوە تاوەکو هەڵسنگاندنی تەواو بۆ ژینگەی دەرەکی بکەین

(أ)ئەزمون (ب) داهاتو (ج)بیرکردنەوە (د) تاقیگە

15- دەرونزانی ژینگەیی لەپەیوەندی نێوان.............و...............دەکۆڵێتەوە.

(أ) مرۆڤ و بیرکردنەوە (ب) ڕەفتار و ژینگە (ج)مرۆڤ و تەندروستی (د) مرۆڤ و ژینگە

16-.......... لەوپێشەنگانەبو کەچەمکی دەرونزانی ژینگەیی بەکارهێنا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، توێژینەوەی لەسەرکاریگەری وروژێنەرە ژینگەییەکانی وەك(ڕەنگ، شێوە، مانگ و خۆر، ژینگەتوندەکان) کردووە لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ.

(أ)بروشانسکی (ب) برونسویك (ج) لیوین (ج)هێلپاك

17- ................ یەکێك بو لەو پێشەنگانەی دەرونزانی کە پێی وابو پێویستە دەرونزانی گرنگی بدات بە ژینگەی بونەوەری زیندو هەروەك بونەوەری زیندو گرنگی بەخۆی ئەدات.

(أ)بروشانسکی (ب) باری کۆمۆنەر (ج)برونسویك (ج)هێلپاك

18-...................بەم جۆرە دەرونزانی ژینگەیی ناساندووە: دەرونزانی ژینگەیی لقێکی زانستە و گرنگی بە کارلێك و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری دەدات.

(أ)بروشانسکی (ب) باری کۆمۆنەر (ج) لیوین (ج)ئیدوارد هل

19-.................... لەکتێبەکەیدا(The Closing circle) دەڵێت: مرۆڤ ڕزگاربکەن لەمردنێکی دڵنیایی، بەژداربن لە پاککردنەوەی ژینگەو پیس نەبونی.

(أ)هاردوڵ توپوز (ب) باری کۆمۆنەر (ج) ئیدوارد هل (د) ئەریك فرۆم

20-بنەماکانی تیۆری ڕوبەری کەسی لەلای زانا................ سەري هەڵدا.

(أ)ئەریك فرۆم (ب) باری کۆمۆنەر (ج) بروشانسکی (ج)ئیدوارد هل

21-گریمانەی (بیۆفیلیا-Biophilila) پێیوایە کە مرۆڤ مەیلێکی ڕەمەکی هەیە بۆ پەیوەستبون بەسروشتەوە و شێوەکانی تری ژیان. ئەم چەمکە لەلایەن.....................سەری هەڵدا.

(أ)ئەریك فرۆم (ب) باری کۆمۆنەر (ج) لیوین (ج)ئیدوارد هل

22-لەسەردەمی یۆنانییەکاندا .............. نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەو کێشانەی کەڕوبەڕوی ژینگە بۆتەوە، بڕینی درەختەکان کە دانیشتوان بەکاریان ئەهێنا بۆدروستکردنی خانو و کەشتییەکان.

(أ)سوکرات (ب) ئەفلاتون (ج) ئەفلۆتین (ج)ئەرستۆ

23-برونفینبرینەر بازنەی یەکەمی ناوناوە کاریگەرییە ..................

(أ)یەك ئاراستەکان (ب) دو ئاراستەکان (ج) سێ ئاراستەکان (د)چوار ئاراستەکان

24-بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە...............بەمەترسیدارترین قۆناغی پیسکردنی ژینگە هەژمار دەکرێت.

(أ)یەکەم قۆناغ (ب) سێیەم قۆناغ (ج) چوارەم قۆناغ (د) پێنجەم قۆناغ

25- ...............زیاتر جەختی لەسەرکاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان دەکرد بەراورد بە ژینگەی مادی. هەروەها پێشی وابو ژینگە سەرچاوەی ئاراستەکردنی ڕەفتارەو ڕەفتار ئەرکی کەسەکان و ژینگەیە.

(أ) ئەفلاتون (ب)ئەرستۆ (ج) لیوین (ج) بروشانسکی

26-دەرونزانی ژینگەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆرەکانی ............. چڕۆیکرد لە چلەکانی سەدەی بیستەم.
(أ)ڕەفتارییەکان (ب)مەعریفییەکان (ج)جەشتاڵتیيەکان (د)سۆسیۆکولتوری
27-دەرونزانی ژینگەیی، لە ................ سەدەی بیستەم وەك لقێك لەدەرونزانی گشتی ناسێنراوە.
(أ)پەنجاکان (ب)شەستەکان (ج)حەفتاکان (د)هەشتاکان
28-برونفینبرینەر بازنەی یەکەمی ناوناوە کاریگەرییە ................
(أ)یەك ئاراستەکان (ب) دوئاراستەکان (ج) سێ ئاراستەکان (4) چوار ئاراستەکان
29-پێوەری پێوانەکردنی ژاوەژاو پێی دەڵێن:
(أ)دیسیبل (ب)میسیبل (ج)جیسیبل (د)ڤیسیبل
30-بەپێی توێژینەوەیەك ئاوی کوردستان پیسبووە بە مادەکانی......................کە مەترسیدارن بۆتوشبون بەنەخۆشیە دەرونییەکان.
(أ)کادمیۆم و قوڕقوشم (ب)کادمیۆم و ئاسن (ج)زەرنیخ و کادمیۆم (د)ئاسن و قوڕقوشم
31-خاك ئەو چینەیە کە ڕوی سەرەوەی توێکڵی زەوی داپۆشیوە، پێکدێت لە کانزاکان، بەردە جۆراوجۆرەکان، مادە ئەندامییەکان. بەقوڵایی 50 بۆ 100 سانتیم قوڵە لە..............چینی بەدوای یەك پێکدێت:
(أ)دووچین (ب)سێ چین (ج)چوارچین (د)پێنج چین
32-بیردۆزی برۆن فێنبرێنەر مرۆڤ ئەخاتە نێو ................ هەربازنەیەك گرنگی خۆی هەیە لەژیانی کۆمەڵایەتی و دروستبونی کەسایەتی و گەشەکردنی تاکدا.
(أ)سێ بازنە (ب)چواربازنە (ج)پێنج بازنە (د)شەش بازنە

33-دوای جێگیرکردنی تیۆرەکەی برۆنفێنبرێنەر و پێداچونەوەی تەواو بازنەی یەکەمی ناوناوە.................

(أ)داینەمۆی پەروەردە (ب)داینەمۆی منداڵ (ج) داینەمۆی دەرون (د)داینەمۆی گەشە

34-لە شارستانێتی ..........دامەزراندنی پیشەسازی کانزاکاری لەسەنتەری شارە قەرەباڵغەکاندا قەدەغەکرابو....

(أ) یۆنانی کۆن (ب) نێوان دو ڕوبار (ج) فیرعەونەکان (د) چین

35-بەپێی تیۆری ............ مرۆڤ کاتێك لە گوند مامەڵە ئەكات زۆرجیاوازە لەو مامەڵەیەی لەشار ئەنجامی ئەدات، یان لەشوێنێکی چیاو دارستاندا..

(أ) شوێن (ب) بوار (ج) مەودا (د) نێوان کەسەکان

36-لەپرۆگرامی خوێندنی .............. یەکێك لەبابەتەکانی خوێندنیان دارچاندن بوە.

(بـĂ(أ)یۆنایینییەکان (ب) سۆمەرییەکان (ج)ڕۆمەکان (د)هەخامەنشییەکان

37لەبەرئەوەی ژینگە موڵکی گشتییە، پاراستنیشی ئەرکی ...........

(تـĂ(أ)حکومەتە (ب) هاوڵاتییە (ج)ڕێکخراوەکانە (د)هەموانە

38-لەکۆنفرانسی ......... دانیان بەوەدا نا کە تەنها یاسا ژنگەییەکان بەس نییە بۆپاراستن وچاککردنەوەی ژینگە، بەڵکو پێویستە هوشیاری ژینگەیی هەبێت لای دانیشتوانی جیهان بۆ پاراستنی ژینگە.

(ثـĂ(أ)پاریس (ب) بەرلین (ج) ستۆکهۆڵم (د) بلگراد

39-لەسەردەمی ......... نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەو کێشانەی کەڕوبەڕوی ژینگە بۆتەوە، بڕینی درەختەکان کە دانیشتوان بەکاریان دەهێنا بۆدروستکردنی خانو و کەشتییەکان، ئەبویەهۆی بەبیابانبونی دارستانەکان و کاریگەری لەسەر دیمەنی جوانی سروشت بەجێ دەهێلا.

(جĂ (أ)یۆنانییەکاندا(ئەفلاتون) (ب)میسریەکان(ئەخناتون) (ج)بابلییەکان(حامورابی) (د)چینییەکان(کۆنفۆشیۆس)

40-............... باوەڕیان وایە مرۆڤ مەیلێکی ڕەمەکی(فطري) هەیە بۆرێکخستنەوەی ئیدراکیان لە سادەترین وێنەدا.

(حĂ (أ)شیکاری دەرونی (ب) ڕەفتارییەکان (ج)مرۆییەکان (د) جەشتاڵەتییەکان

41-سیستەمی ........... پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان سیستمە سەرەکیەکان لەخۆ دەگرێت، بریتیە لەو بارودۆخ و ڕووداوانەی کە لە هەندێ حاڵەتدا دو سیستەمی بچوک بەیەک دەگەیەنن .

(خĂ (أ)ناوەکی (ب) مام ناوەند (ج)دەرەکی (د)بەپێی کات

42-توێژینەوەیەك لەکوردستان دەریخستووە کەئاوی دوکان پیسبووە بە مادەکانی:

(دĂ (أ)قورقوشم و زەرنیخ (ب) زەرنیخ و کادمیۆم (ج)قورقوشم و کادمیۆم (د)زەرنیخ و نیترات

43-لەو هۆکارانەی کەلەئێستادا دەبێتەهۆی خێرایی لەناوچون:

(ذĂ (أ)جۆراوجۆری جۆرەکان. (ب) سەرچاوە سروشتییەکان. (ج)قۆرخکاری. (د)جۆراوجۆری بۆماوەیی.

44-ژاوەژاو دیاردەیەکی دێرینە! نوسینەکانی سەرتابلۆ قوڕینەکان ئەوانەی لەشارە کۆنەکانی شارستانیەتی ......... دۆزراونەتەوە هەندێك ئاماژەیان تێدایە لەسەر بێزاری و بێهیوایی خەڵکی لەنێو ئەوشارانەدا کەمرۆڤی زۆری تێدایەو ژاوەژاوی لێکەوتوتەوە.

(رĂ (أ)یۆنانی کۆن (ب) سۆمەر (ج)بابل (د)ب+ج

45-توێژینەوەیەك لە دانیمارك لەسەرکاریگەری پیسبونی هەوا لەقۆناغەکانی منداڵیدا تێکڕای هەرچوار جۆری نەخۆشی (شڵەژانی دەرونی دوجەمسەری، سکیزۆفرینیا، تێکچونی کەسێتی، خەمۆکی) بەرزدەبنەوە بەبەرزبونەوەی پیسبونی هەوا، لەنێویشیاندا............... لەهەمویان زیاتر بوو).

(زĂ (أ)شڵەژانی دەرونی دوجەمسەری (ب) سکیزۆفرینیا (ج)تێکچونی کەسێتی (د)خەمۆکی

## دووەم/پرسیاری ڕاست و هەڵە:

1-ئەومندالانەی کە چاودێرییەکی باشیان نییە و فەرامۆش ئەکرێن، دواتر کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەرونیان بەجێدەهێڵێت.

2-مەبەست لە (داینەمۆی گەشە) ئەوکارلێکانەیە کەلەنێوان تاك و کولتوردا ڕودەدات.

3-لەڕوانگەی تیۆری مەودای نێوان کەسەکان، کولتوری کۆمەڵگە، تەمەن، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایین... مەوداکان ناگۆڕێن.

4-لە سیستەمی دەرەکی(Exosystem) تیۆری برۆنفێنبرێنەر کارلێکی ڕاستەوخۆی لەسەرتاك دەبێت.

5-بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەك هەوای هەولێر بەپێی ستانداری جیهانی یەکێکە لە پاکترین هەوای شارەکانی جیهان.

6-دەرونزانی ژینگەیی لەپەیوەندی نێوان مرۆڤ و بیرکردنەوە دەکۆڵێتەوە.

7-مەبەست لەژینگەی فیزیکی یاسا و ڕێسا و داب و نەریت و پێوەرو بەهاکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زمان و ئاین و ئابوری و سیستمی سیاسی و تەندروستی و پەروەردەیی و ڕاگەیاندن و هونەر و ئەدەب دەگرێتەوە.

8- دەرونزانی ژینگەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری سۆسیۆکولتوری چرۆیکرد.

9-لەمیسری کۆندا دەنگی بەرز قەدەغە کرابو. شەقام و کۆڵانەکان کەرەستەی وایان بەسەردا دەڕشتن کە دەنگی(سمی ئەسپەکان و چەرخەی گالیسکەکان)ی کەمدەکردەوە.

10-دەنگی بەرز نابێتەهۆی لەدەستانی بیستن، ئەگەر گوێگر خۆشی و ئاسودەیی لەودەنگە بەرزەش ببینێت.

11-پیسبونی هەوا تەنها مەترسییە بۆسەر نەخۆشییە جەستەییەکان و هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر نەخۆشییە دەرونییەکان.

12-بەپێی تیۆری شوێن لەدەرونزانی ژینگەیی ڕەفتاری تاك ناگۆڕێت بەگۆڕینی شوێنەکەی.

13- هۆگربون بەشوێن بریتییە لەپەیوەندی مەعریفي لەنێوان خودو ژینگەی ماددیدا.

14- ناسنامەی شوێن بریتیەلە پەیوەندییەکی سۆزیی لەنێوان تاك و ژینگەکەیدا.

15-هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەنێو هەوای پیسدا لەتەمەنی منداڵی و توشبون بەنەخۆشییە دەرونییەکان لەتەمەنەکانی دواتری ژیاندا.

16-ئەو ڕوبەرەی لەنێوان کەسەکاندا هەیە لەکاتی تێکەڵبون و پەیوەندیگرتن لەگەڵ خەڵکانیتر هەرەمەکییە و پەیوەست نییە بەپێگەی کەسەکانەوە لای تاك.

17-ئەگەر مرۆڤ خۆشی و ئاسودەیی لەدەنگی بەرز ببینێت ئەگەرچی بۆماوەیەکی زۆریش گوێبیستی بێت زیانی نییە بۆ گوێیەکانی.

18- خاك ئەو چینەیە کە ڕوی سەرەوەی توێکڵی زەوی داپۆشیوە، بەقوڵایی 50 بۆ 100 سانتیم قوڵە. لەیەك چینی تەنك پێکدێت.

19- فەلسەفەی(بەپێخاوسی ڕۆشتن بەسەر زەویدا(Barefoot) ئەوەیە تاکو نزیك بیتەوە لەزەوی بەبێ بەربەست سودێکی زۆری هەڵچونی و جەستەیی بەدەست ئەهێنیت!

20-ئەگەر ئاو ڕەنگ و بۆن و تامیشی هەبێت هەر پاکەو بەپێی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پیس نەبوە.

21-ئەومندالانەی کە چاودێرییەکی باشیان نییە و فەرامۆش ئەکرێن، دواتر **کاریگەری خراپ** لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەرونیان بەجێدەهێڵێت.

22-لەپێناو هەستکردن بەئاسودەیی **لەژینگەی ماڵدا**، تەنها ڕێکخستنی ناوخۆیی بەس نییە، بەڵکو ڕوناکی و درەخت و کەرەستە و ئامرازەکانی بینایەو پلەی گەرماو دۆخی کەشوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی و تەندروستی مرۆڤ.
23- بەشێوەیەکی گشتی **فرۆید و ئەدلەر** بەباوکی دەرونزانی ژینگەیی دادەنرێن.

24-دەرونزانی ژینگەیی لەپەیوەندی نێوان **مرۆڤ و بیرکردنەوە** دەکۆڵێتەوە.

25-**برۆنفینبرێنەر** ئەو زانایەی کە بەوردی باسی گرنگی ژینگەی خێزانی و بەخشینی سۆزوخۆشەویستی بەمنداڵ کردووە.
26- دەرونزانی ژینگەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری **سۆسیۆکولتوری** چرۆیکرد.

7-زانایان ژینگەیان کردووە بەدوبەشەوە:1.........................................2.......................................
27-لەپێناو هەستکردن بەئاسودەیی لەژینگەی ماڵدا، تەنها ڕێکخستنی ناوخۆیی بەس نییە، بەڵکو ڕوناکی و درەخت و کەرەستە و ئامرازەکانی بینایەو پلەی گەرماو دۆخی کەشوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی و تەندروستی مرۆڤ.
28-گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان ژینگەو مرۆڤ و گیانداران و کاریگەری هەریەکەیان لەسەرئەویتر تەنها بابەتی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی ژینگەییە.
29-مەبەست لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، واتە زەوی و دەریا و کەشوهەواو ئاو و خانوبەرەو کەرەستەی بەکارهێنان و تەکنۆلۆجیا....تاد.دەگرێتەوە.
30- بەشێوەیەکی گشتی باری کۆمۆنەر و پۆڵ بەباوکی دەرونزانی ژینگەیی دادەنرێن.
31-لەبەرئەوەی ژینگە موڵکی گشتییە، پاراستنیشی ئەرکی حکومەتە.
32-سیستەمی مامناوەند(Mesosystem) لەتیۆری برۆنفێنبرێنەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر منداڵ.
33-دەنگ و ژاوەژاو هەمان مانایان هەیە.
34-بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە یەکەم قۆناغ بەمەترسیدارتین قۆناغی پیسکردنی ژینگە هەژمار دەکرێت.
35-تەمومژەکەی دۆڵی موس(Meuse Valley) لەفەرەنسا، بویە یەکەمین بەڵگەی زانستی لەسەرئەوەی کە پیسبونی هەوا دەبێتە هۆی نەخۆشی و مردن و لەناوچون.
36-مەودای نێوان کەسەکان گۆرانی بەسەرنایەت بەگۆڕینی جیاوازی کەسەکان و دۆخی ژینگەیی.
37- سەرجەم ئەوکۆنفرانسانەی لەسەر ژینگە بەستراون کۆکبون لەسەرئەوەی کە ئامرازی سەرەکی و کاریگەر بۆگەشەپێدانی هوشیاری ژینگەیی لای فێرخوازان، شارەزابونیانە بە بەها ژینگەییەکان.
38-دەرونزانی ژینگەیی، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم وەك لقێك لەدەرونزانی گشتی ناسێنراوە، واتە لقێکی نوێیە لەدەرونزانی.
39-پیسبونەکان لەئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤ سوڕی سروشت خۆی چارەسەری دەکات.
40-بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە چوارەمین قۆناغ بەمەترسیدارترین قۆناغی پیسکردنی ژینگە هەژمار دەکرێت.
41- لەپێناو هەستکردن بەئاسودەیی لەژینگەی ماڵدا، تەنها ڕێکخستنی ناوخۆیی بەس نییە، بەڵکو ڕوناکی و درەخت و کەرەستە و ئامرازەکانی بینایەو پلەی گەرماو دۆخی کەشوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی و تەندروستی مرۆڤ.

42-بیردۆزی برۆن فێنبرێنەر مرۆڤ ئەخاتە نێو چوار بازنەوە، هەربازنەیەك گرنگی خۆی هەیە لەژیانی کۆمەڵایەتی و دروستبونی کەسایەتی و گەشەکردنی تاکدا.
43-لە شارستانێتی میسری کۆن دامەزراندنی پیشەسازی کانزاکاری لەسەنتەری شارە قەرەباڵغەکاندا قەدەغەکرابو.
44- کاتێك بمانەوێ دیارسەی هەرمنداڵێك بکەین ئەوە پێویستە تەنها جەخت لەسەر ژینگەی منداڵەکە بکەین.
45-لەتوێژینەوە دەرونزانییە تاقیگەییەکاندا(خێزان، قوتابخانە، شوێنیکارکردن..) ئەم توخمانە گرنگییەکی زۆری پێ ئەدرێت.
46- گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان ژینگەو مرۆڤ و گیانداران و کاریگەری هەریەکەیان لەسەرئەویتر تەنها بابەتی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی ژینگەییە.

## سێیەم/ بۆشایی:

1-.................. لەوپێشەنگانەبو کەچەمکی دەرونزانی ژینگەیی بەکارهێنا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، توێژینەوەی لەسەرکاریگەری وروژێنەرە ژینگەییەکانی وەك(ڕەنگ، شێوە، مانگ و خۆر، ژینگەتوندەکان) کردووە لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ.
2-.................. یەکێك بو لە پێشەنگانی دەرونزانی کە پێی وابو پێویستە دەرونزانی گرنگی بدات بە ژینگەی بونەوەری زیندو هەروەك بونەوەری زیندو گرنگی بەخۆی ئەدات.
3-.................. پێی وابو پێویستە توێژینەوەکانی بواری دەرونزانی ژینگەیی بەشێوەیەکی واقعی ئەنجامبدرێت و ببەسترێتەوە بەکێشەکۆمەڵایەتییەکانەوە.
4-.................. .پێی وابو ژینگە سەرچاوەی ئاراستەکردنی ڕەفتارەو ڕەفتار ئەرکی کەسەکان و ژینگەیە.
5-.................. بەم جۆرە دەرونزانی ژینگەیی ناساندووە: دەرونزانی ژینگەیی لقێکیی زانستە و گرنگی بە کارلێك و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەورووبەری دەدات.
6-تیۆری بوار لەزانستە مرۆییەکاندا پەیوەستە بەناوی ...............ەوە.
7................. لەکتێبەکەیدا(The Closing circle) دەڵێت: مرۆڤ ڕزگاربکەن لەمردنێکی دڵنیایی، بەژداربن لە پاککردنەوەی ژینگەو پیس نەبونی.
8-بنەماکانی تیۆری ڕوبەری کەسی لەلای زانای .................._سەری هەڵدا.
9-گریمانەی(بیۆفیلیا-Biophilila) پێیوایە کە مرۆڤ مەیلێکی ڕەمەکی هەیە بۆ پەیوەستبون بەسروشتەوە و شێوەکانی تری ژیان. ئەم چەمکە لەلایەن .................. سەری هەڵدا.
10- ................نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەوکێشانەی کەڕوبەڕوی ژینگە بۆتەوە، برینی درەختەکان کە دانیشتوان بەکاریان ئەهێنا بۆدروستکردنی خانو و کەشتییەکان.
1-دەرونزانی ژینگەیی واپێناسەکراوە، ئەوزانستەیە کە لە کارلێك و پەیوەندی نێوان ....................................................................................................................................................................................................................

2- زانای بایۆلۆژی ئیرنست هیکل(Ernest Haeckel) واپێناسەی **(Ecology)** کردووە کە زانستێکە دیراسەی:

..............................................................................................................
..............................................................................................................
..........................................
1-.................. باوەڕی وابو کە ژینگەی مادی کاریگەری لەسەر پرۆسە دەرونییەکان دەبێت لەدەرەوەی هوشیاری مرۆڤ.
2- .................. پێی وابو پێویستە توێژینەوەکانی بواری دەرونزانی ژینگەیی بەشێوەیەکی واقعی ئەنجامبدرێت و ببەسترێتەوە بەکێشەکۆمەڵایەتییەکانەوە.
3-.................توێژینەوەی لەسەرکاریگەری وروژێنەرە ژینگەییەکانی وەك(ڕەنگ، شێوە، مانگ و خۆر، ژینگەتوندەکان) لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ کردوە.
4- ............... دەڵێت (ژینگە ئەوە نییە کە ئێمەی تیایداین بەڵکو ژینگە ئەوەیە کە کاریگەری لەسەرمان هەیە)
5-................ باوەڕی وابوو ئەو وروژێنەرانەی لە جیهانی دەرەوە وەری دەگرین زۆر جاردرککردن بە هەڵە دادەبات
6-بەدودێڕ ئەم هاوکێشەیەم بۆشییکەرەوە: (E+R=O)
..........................................................................
..............................................................................................................
..............................................................................................................
..........................................

1-زانای بەناوبانگ........... دەڵێت: جیهان ڕوبەڕوی(4)بۆمبی کاتگیر دەبێتەوە، کەبریتین لە: زیادبونی دانیشتوان، کەمبونەوەی سەرچاوەکان، پیسبونی ژینگە، سەرمایە.
2-پزیشکی تەندروستی گشتی............ جەختی لەسەر مەترسییەکانی پیسبونی هەوا کردۆتەوە بەتایبەتیش هەرزەکاران لەناوچە شارنشینییەکان، کە نەخۆشییە دەرونییەکان تێیدا بەرزترە.
3-...............دوای تێرامان و لێوردبونەوەو گەڕان و پشکنین، ئەو گەوهەرەی هەموشتێکی لێدروستبووە گەڕاندییەوە بۆئاو.
4- ...........دەڵێت ئەگەر ژینگە باشبێت ئەوە منداڵیش باش ئەبێت، خۆئەگەر ژینگە خراپ بو ئەوە ئەنجامەکانیشی لەپێکهاتەی منداڵدا ڕەنگ ئەداتەوە.
5-............ زیاتر جەختی لەسەرکاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان دەکرد بەراورد بە ژینگەی مادی.
6- ...........ئەڵێت: هەرچی کێشەی کۆمەڵایەتی و ژینگەییە کەبەدەستیەوە ئەناڵێنن لەژێرکۆنترۆڵی خۆتاندایە، پێویستە ئازایەتیتان تیابێت و بیگۆڕن.
7-............ پێی وابو پێویستە توێژینەوەکانی بواری دەرونزانی ژینگەیی بەشێوەیەکی واقعی ئەنجامبدرێت و ببەسترێتەوە بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە.
8-............ بەم جۆرە دەرونزانی ژینگەیی ناساندووە: دەرونزانی ژینگەیی لقێکی زانستە و گرنگی بە کارلێك و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەرورووبەری دەدات.
9-............... لەوپێشەنگانەبو کەچەمکی دەرونزانی ژینگەیی بەکارهێنا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، توێژینەوەی لەسەر کاریگەری وروژێنەرە ژینگەییەکانی وەك(ڕەنگ، شێوە، مانگ و خۆر، ژینگەتوندەکان) کردووە لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ.
10-......... . دەڵێت: لەبەرئەوەی هەوا خاوێن و لەبارە و کەرەستەی تری تێکەڵاو نەبووە بۆ هەناسەدان خراپ بێت، ئەوا تەندروستی دێنێت و دەشمێنێتەوە، کەرەستەی هەواکەش باشدەبێت گەر پیس نەکرێت بەکەرەستەی

تری وەك هەڵمی زەلکاو و دەریاچە و جۆگا سەربەتاڵەکان و هەواکە کاتێك باش دەبێت کەنەیارنەبێت لەگەڵ هەناسەدان و قوڕگ نەگرێت.

چوارەم/شیکردنەوەو ژماردن:

1- **بۆسود وەرگرتن لە تیۆرەکەی برۆنفینبرینەر چیبکرێت باشە بۆمامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا**

2- **بەوردی و زۆر بەهوشیارییەوە باس لەپەیوەندی نێوان دەرونزانی ژینگەیی و ئەندازەی تەلارسازی بکە.**

**3- پێناسەی درەونزانی ژینگەیی بکە.**

**4- بۆچی پێویستە دەرونزانی ژینگەیی بخوێنین؟**

**5- بەوردی و زۆر بەهوشیارییەوە باس لە شەڕانگێزی دژی ژینگە بکە.**

**6- بەپێی تیۆری بوار، نظرية المجال -Field theory بۆئەوەی لەڕەفتاری فێرخوازێك تێبگەین پێویستە چی بکەین؟ (تکایە باسی تیۆرەکە مەکە، تەنها نمونەیەك باس بکە)**

**7-چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان خەلەفان(Dementia) الخَرَف، و پیسبونی هەوادا، بەوردی ڕونی بکەرەوە.**

**8- ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:**

1-دەرونزانی ژینگەیی. 2-پیسبونی هەوا. 3-پیسبونی خاك. 4-پیسبونی ئاو.

**9- لە پێناسەکانی دەرونزانی ژینگەیی دا جەخت لەسەر دولایەنی سەرەکی دەکرێتەوە بەوردی باس لەو دولایەنە بکە.**

**10- بەوردی ڕونیبکەرەوە بەپێخاوسی ڕۆیشتن بەسەر زەویدا(Barefoot) چییە و سودەکانی چییە؟**

**11- یەکێك لەڕێگاکانی پەروەردەی ژینگەیی ڕێگای هونەری تێرامانی هزری(العصف الذهني-Brainstorming) تکایە بەوردی لەسەر ئەم بابەت بنوسە.**

**12- بۆسود وەرگرتن لە سیستمی کۆمەڵایەتی برۆنفینبرینەر پێویستە چی بکرێت؟ ئەوهەنگاوانە بنوسە.**